# حکومەتی کوردستان، تورکیاو پەکەکە

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**
Ismail_rwandzi@yahoo.com

**ئایا ئەو تەنگەژەیەی نێوان باشووری کوردستانو تورکیا یاخود مەسەلەی ئەگەری هێرشی سووپای تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان لە کوێ سەرچاوە دەگرێ؟ ئایا بنچینەی مەسەلەکە ئەوەیە وەک ئەوەی تورکیا ئیدعای دەکا بەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەلایەن دەستهەڵاتی باشوور یارمەتی دەدرێ یاخود لەپشت ئەم هەڵایەی تورکیا مەبەستیتر حەشاردراون؟**

**پێموایە ئەسڵی مەسەلەکە ئەوە نییە کە تورکیا باسی لێدەکا بەڵکو تورکیا بوونی چەند گەریلایەکی پەکەکەی لە قەندیل کردۆتە بیانوویەک بۆ چەندین ئامانجیتر کە پێموایە گرنگترینیان ئەوەیە کە تورکیا زۆر نیگەرانە بەو پێشکەوتنو ئاڵوگۆڕانەی کە لە باشووری کوردستان هەنە، تورکیا زۆرباش دەبینێ ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی حکومەتی باشووری کوردستان لە ڕووی نێودەوڵەتیو دبلۆماسییەوە بەهێز دەبێو ڕۆژ بە ڕۆژ بوونی ئەم دەستهەڵاتە یاساییترو دەستووریتر دەبێ لە چوارچیوەی ئێراقو نێودەوڵەتیەوە. بێجگە لە هەموو ئەمانەش مەسەلەی گەڕانەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، لەوانەش کەرکووک،و هەروەها مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ( 140) ی دەستووری ئێراق تەواو تورکیای نیگەران کردووە.**

**ئینجا سەبارەت بەو نیگەرانیانەی تورکیا کە لەسەرەوە باسمکردن، زۆر کەس و ناوەندی سیاسی لە باشوورو باکووری کوردستان، پێش هەڵبژاردنەکانی تورکیا، پێیانوابوو کە لەناو هێزو ڕەوتە سیاسییەکانی تورکیا جیاوازی هەیە لەمەڕ مەسەلەی مافو بوونی نەتەوەی کورد لە باشوورو باکووری کوردستان، کە ئەمەش یەکێک بوو لە تەوەهمەی کە بەشێکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانو سیاسەیمەدارانی کوردستان تووشی ببون. بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە من پێش نزیکەی ساڵێک بەر لە ئێستا لە ووتارێکمدا، کە لەژێر ناوی "تورکیا: دوێنێو ئەمڕۆ" بڵاومکردەوە، ووتبووم:** ( هەموو گرنگی هاتنی ئیسلامییەکان لەوەدایە کە لێڵیەکیان لە تاک ناسنامەیی تورکیا پێکهێناوەو تا ڕادەیەکیش هەژموونی ئایدۆلۆژیای تاک کەلتوری کەمالیستیان هەژاندووە. گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی تورکی بە دوای ڕیفۆرمی کۆماری تورکیا بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی زیاتری سیستەمی سیاسی تورکیاوە نییە، بەڵکو گشت ئامانجیان چڕبۆتەوە لە بە ئیسلامیکردنی سیستەمی سیکۆلاری ئەمڕۆی تورکیایە، بۆیە نە حکومەتە ئیسلامییەکانی پێشوو، وە نە حکومەتی ئەردۆگان خەباتگێری باشترکدنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان نیین، بەهیچ جۆرێکیش لەگەڵ دیموکراسیو ئازادیو مافی کورد نیینو نابن.)

**ڕاستییەکەی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی تورکیا، لەوانەش ڕەوتی ئیسلامی سیاسیو کەمالیستی بە هەردوو دەزگاکەی کە حکومەتی ئەردۆگانو سووپا دەگرێتەوە، نیگەرانن لە پێشەکەوتنەکانی باشووری کوردستان، هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە هەوڵ بدرێ پێگەی حکومەتو دەستهەڵاتی باشوور لە چواچێوەی ئێراقو پرۆسە سیاسییەکەی بێهێزبکرێ.**

**هەربۆیە پێموایە ئەمە یەکێکە لە هۆیەکانی ئەوەی کە لەم دواییەدا کوژرانی چەند سەربازێکی تورکی ئەم هەڵایەی لەسەر نرایەوەو کرا بە بیانوویەک بۆ گووشار خستنە سەر باشووری کوردستانو پیشاندانی باشووری کوردستان وەک مۆڵگەی تیرۆریزمو وەک ترسێک لەسەر ئاسایشی ناوخۆی تورکیاو ناوچەکە.**

**بەس بێگومان ئەوەی باسمکرد تەنها هۆکاری ئەم هەراوهورياييەی دوایی تورکیا نییە، بەڵکو ئەگەر سەیرکەین لەناوخودی تورکیاش کیشمەکێشێکی بەهێز هەیە لەنێوان دوو ڕەوتی بەهێزی سیاسی کە ئەوانیش ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بە سەرۆکایەتی حیزبەکەی ئەردۆگان (AKP) و ڕەوتی کەمالیستی بە سەرۆکایەتی دامەزراوی سووپای تورکیا. کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو ڕەوتە لەم دواییانەدا کۆمەڵێک ئەنجامی لێکەوتەوە کە دواترینینان ئەوەبوو، وەک بینیمان، حیزبەکەی ئەردۆگان بێجگە لە بەدەستەوەگرتنی حکومەت توانی سەرۆکایەتی کۆماریش بەدەستەوە بگرێ، ئیستاش خەریکن وورده وورده هەنگاو بەرەو بە ئیسلامیزەکردنی**

سیستەمی تورکیا دەنێن کە ئەمەش دامەزراوی سووپای تورکیا و ڕەوتە کەمالیستەکانی یەکجار نیگەران کردووە. کەمالیستەکانو دامەزراوی سووپا مەسەلەی کوژرانی سەربازە تورکەکانی بە هەلێک زانی بۆ ڕاکێشانی حکومەتی ئەردۆگان بۆناو کێشەیەک کە تا ئێستا ئەردۆگانو حیزبەکەی بە ئەولەوییەتی کاری خۆیان دانانێن کە ئەویش مەسەلەی هێرشی سەربازییە بە سەر باشووری کوردستان، دیارە ئەمەش لەبەرچاوە کاڵەکانی کورد نییە، واتە لەبەرئەوە نییە کە ڕەوتی ئیسلامی دان بەهەندێک مافی کورد دەنێت بەڵکو تەواوی مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا مەسەلەی ملیتاریزەکردنی کۆمەڵگای تورکیا، لە کاتێکدا دامەزراوی سووپای تورکیا لەدەستی کەمالیستەکانە، بە قازانجی خۆی نابینێ چونکە ئەوان باش دەزانن کە بارگاویکردنی کۆمەڵگای تورکیا بە هەستی ناسیونالیستیو شۆڤێنیستی لە کاتی ئێستادا مانای دواکەوتنی ئەجنداو بەرنامەکانییانەو خۆبەخۆش پێگەی دامەزراوی سووپا بەهێز دەکا.

**حکومەتی کوردستانو پەکەکە**

دەمێکە پەکەکە بۆتە یاریکەرێک لەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی کە لە باشووری کوردستان لەدوای ساڵی نەوەدەکان دەستی پێکردووە. من لەم ووتارەمدا مەبەستم نییە باسی ڕۆڵی پەکەکە لە هەموو ئاڵوگۆڕەکاندا بکەم بەڵکو زیاتر هەوڵدەدەم ڕۆڵی پەکەکە لەو گەمە سیاسییەی دوایی دەربخەم. سەرەتا پێویستە سەرکردایەتی کورد هەوڵدات ئەم کێشەیەی دوایی نێوان پەکەکەو تورکیا بەجۆرێک چارەسەر بکات کە ئەنجامێکی خراپی بۆ باشوورو پەکەکە لێنەکەوێتەوە. بۆیە ئەم قسەیەش دەکەم چونکە ئێستا ئێمە دەبینین کە لەپاڵ هەڵوێستی نەتەوەییو ڕاستو دروستی سەرۆکایەتی کوردستان (بەتایبەتی هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان) لەمەڕ کێشەی دوایی نێوان پەکەکەو تورکیا، ڕاگەیاندنو بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی نامەسئولانەو سەرەڕۆش لە باشووردا هەیە. ووشیاری سەبارەت بەوەی کە هێزێک بنکەیەکی چەکداری لەوڵاتێکدا هەیە، کە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە وڵاتی خۆی نییە، هەروەها کاتێک بوونی ئەم بنکانەش دەبنە قەیرانێکی ناوچەییو جیهانی ڕەنگە ئەنجامی یەکجار خراپی لێبکەوێتەوە چونکە شەرت نییە حکومەتی کوردستان بتوانێ تاسەر بەرگەی پاڵەپەستۆی دەرەکی بگرێ، وەک پۆپۆلیستەکان داوای دەکەن. ڕەنگە بوونی چەکدارە فەلەستینییەکان لە لوبنان لە ساڵانی هەشتاکان زیندوترین نموونە بێت کە ئەوکات دەرکەوت چۆن 22 دەوڵەتی عەرەبی نەیانتوانی پشتی فەلەستینیەکان بگرن، کە سەرەنجام چەکدارە فەلەستینییەکان زۆر بە زەلیلی لە لوبنان دەرکران.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە پەکەکە دەربکرێ یاخود چەک بکرێ وەک هەندێک کەس باسی لێوە دەکا چونکە لەخوڕا چەککردنی پەکەکەش، بێ ئەوەی مەعلوم بێت لەسەرچییە، زۆر هەڵەیەو ترسناکیشە لەسەر بزووتنەوەی کوردی لە باکووری کوردستان. دیارە ئەمە بە مانای پشتگیری لە سیاسەتێکی مناڵانەو پۆپۆلیستانە نییە بەڵام دەبێ ئێمە هەوڵدەین چارەسەرێکی سیاسی بدۆزینەوە و ئەگەریش پێویست بێت پەکەکە چەک دابنێ دەبێ ئەمە بە سەرکەوتنێک و ئیمتیازێک بۆ کورد لە باکوور تەواو بێت و پەکەکەش ئابڕومەندانە لەم کێشەیە بێتە دەرەوە. بەڵام بۆ گەیشتن بەو سەرکەوتنو ئیمتیازە چەند پێداویستییەک پێویستن کە هەمووی پەیوەست نییە بە سەرکردایەتی کوردستان بەڵکو بەشی زۆرتری پەیوەستە بە خودی سەرکردایەتی پەکەکە. گەرچی لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ لە سیاسەتی پەکەکە بەرامبەر بە ئەزموونی باشووری کوردستان دەبینرێ بەڵام پێموایە تا ئەو ساتەش سیاسەتی پەکەکە و هەلسەنگاندنیان بۆ ئاڵوڵوگۆڕەکانی ناوچەکە زۆر قسەوباس هەڵدەگرێ. بەداخەوە ئاڵۆزیەک لە سیاسەتی پەکەکەدا دەبینرێ. ڕاستییەکەی یەکێک لە کێشە بنچینیەکانی پەکەکە ئەوەیە کە لەدوای گیرانی بەڕێز ئۆجەلان، هەمیشە لەڕووی ستراتیژییەوە لە بازنەیەکی زۆر تەنگ خولاوەتەوە بەڵام لە تاکتیکدا بازدانی سەیرو سەمەرەی داوە. پەکەکە لەجیاتی ئەوەی فکرێک لەو ستراتیژە سیاسییەی خۆی بکاتەوە، کە بەرهەمی سەردەمی شەری ساردو یەکێتی سۆڤیەتو بوونی جەبهەی تەقەدومی عەرەبیە کە ئەوکات ببوونە پشتی جەبهەی پەکەکە، کەچی درێژە بەهەمان

ستراتیژ دەدا ئەمەش لە کاتێکدا کە هەموو ئەو لایەنانەی کە پەکەکە پشتی پێدەبەستین ئەمڕۆ داروبەردیشیان لەسەریەک نەماوە و لە بەرامبەردا هەڵومەرجێکی زۆرتازەی جیهانی هاتۆتە کایەوە بەجۆرێک دەوڵەتی سۆڤیەت نەماوە و ئەمریکا لە ناوچەکەدایەو تورکیاش لەسەروبەندی کۆمەڵێک گۆڕانکارییە. بەداخەوە یەک جاریش لەناو پەکەکە بە جیدی نەهاتوونەتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەوان لە حیزبێکی چەکداری پۆپۆلیستی پێکهاتوو لە تێکەڵاوێکی مارکسیستی ماویستی لەگەڵ ناسیۆنالیزمێکی سەیر لە دونیایرکی وەک دونیای شەڕی سارد بگوازنەوە بۆ هەڵومەرجێکی زۆر تازەی ئەمڕۆی جیهان. دیارە من مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو پەکەکە وا بیر دەکاتەوە بەڵام تا ئێستا لەناو پەکەکەدا ئەم گۆڕانکارییانە نەکراون. ئەمڕۆ پەکەکە پێویستی جیدی بەوەیە کە ڕوانگەی جیاواز لە ڕوانگەی بەڕێز ئۆجەلان بێنیتە گۆڕێ و ووتوێژی لەسەر بکات و بواری ڕەخنە گرتنیش بکاتەوە. بەداخەوە لە جولانەوەی باکووری کوردستان تەنانەت ئەو کەسانەی کە ووشیاریشن بە باروودۆخی ناوچەکەو جیهان لەبابەتی لەیلا زانا و مەهدی زاناو.....هتد ناتوانن و ناوێرن بە ئاسانی ڕوانگەکانیان بخەنە ڕوو. هەربۆیە قەیرانی پەکەکە هەر ئەوە نییە کە تورکیا هێرشی بۆ دەکا بەڵکو لە خودی پەکەکەدا دەبێ گۆڕانکارییەکی جیدی فکری بێتە گۆڕێ کە گرنگترینیان ئەوەیە کە پەکەکە پێویستە کۆمەڵێک لەو نەزەرانەی سەبارەت بە ئەزموونی دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئاڵوگۆڕی جیدی بەسەردابێنێت نەک تەنها هەڵوێستی تاکتیکی بگرێتەبەر. چونکە پێمان خۆش بێت یان نا تەواوی کوردی هەموو پارچەکان ئومێدێکیان هەیە کە ئەزموونی باشووری کوردستان سەرکەوێ چونکە بەڕاستی ئەگەر ئەزموونی باشوور بە جێگایەک نەگات بزووتنەوەی کوردی لە پارچەکانی‌تر جارێ لە ئاستەدا نییە شتێک بە شتێک بکا بەڵام ئەگەر ئەو ئەزموونە سەرکەوێ  ئەوا ڕێگا زۆر خۆش دەبێ بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەتیش باکووری کوردستان چونکە ڕاستییەکەی کێشەی کورد لە باکوور تا ئێستا ئەو شەرعیەتە جیهانییەی وەرگرنەگرتووە وەک ئەوەی کە لە باشووردا هەیە، کە دەبینین ئەمڕۆ وەک کێشەیەکی سیاسی نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی هاتۆتە گۆڕێ و خاوەنی بنەمایەکیشە، ئێستا بیری نەتەوەیی کوردی لە باشوور تەنها کۆمەڵێک قسە نییە بەڵکو خاوەنی نیمچە دەوڵەتێکە و شەرعیەتێکی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەیدا کردووە کە ئەمەش بۆ یەکەمینجارە کورد لە مێژووی خۆیدا خاوەنی دەسەڵاتێکی ئاوایە. بۆیە لەپێشچاونەگرتنی ناسکی‌و هەستیاری باروودۆخی ئەزموونی دەستهەڵاتی باشووری کوردستان، لەلایەن هەرکەسێک‌و لایەنێکەوە بێت‌و لەژێر هەر بیانوویەک یان تیئۆرییەک دابپۆشرێ، لە کاتێکدا کە چارەنووسی ئێراق تا ئێستا یەکلانەبۆتەوە، هەڵەیەکی کوشندەیەو لە قازانج بەرژەوەندی نەتەوەی کورد نییە.